# کەی و چۆن بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ سەرکەوێ؟

**ئیدریس ئەحمەدی**

”

چۆنە هێندێک بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی سەردەکەون، لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان شکست دێنن، یان تەنانەت دەسکەوتی پێشترمسۆگەرکراویان لەدەست دەدەن؟ لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە بریتییە لەمە: بەدەر لەو کەیسانەی کە هێزی دەرەکی توانیویەتی ململانێی نێوان بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و دەوڵەتێک یەکلا بکاتەوە، فاکتەرگەلێکی نێوخۆیی وەکوو یەکدەستبوونی بزووتنەوەیەک یان گرتنەبەری ستراتێژیی گونجاو، دەکرێ وەک مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتن دابنرێن، نەک مەرجی بەس(کافی). بەڵکوو، بزووتنەوەیەک، کاتێک دەتوانێ سەرکەوێ کە ئەو دەوڵەتەی لەگەڵی لە ململانێدایە، لاواز ببێ. هەر بەو پێیە، رێچکە و ماوەی راگرتنی ئەو دەسکەوتانە، بەندن بە رادە و ماوەی درێژەکێشانی لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر (واتە ئەو دەوڵەتەی کە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی لەگەڵی لە ململانێدایە). بە پێچەوانە، هەر ئەم فاکتەرەش دیاری دەکا ئایا دەسکەوتی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو لەدەست دەچێ، یان ئەوەی بزووتنەوەکە ناچار بە پاشەکشە دەبێ، یان تووشی شکست دێت.

“

## سەرەتا

ئەم وتارە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە: چۆنە هێندێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی سەردەکەون، لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان شکست دێنن، یان تەنانەت دەسکەوتی پێشترمسۆگەرکراویان لەدەست دەدەن؟

هەرچەند لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژە بە هێندێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە دنیادا دەدرێ، لێرەدا مەبەست وردبوونەوەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لەو لێکۆڵینەوانەی کە تاکوو ئێستا سەبارەت بەو بابەتە کراون، دەکرێ چەندین بۆچوونی جیاواز دەسنیشان بکرێن. بە گشتی، ئەو بۆچوونانە دەکرێ بە سەر دوو دەستەدا پۆلێن بکرێن؛ لە لایەکەوە، ئەوانەی کە لەمەڕ پرسی سەرکەوتن و شکست، تایبەتمەندیی نێوخۆیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی وەک فاکتەری سەرەکی بەرجەستە دەکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە، ئەوانەی کە فاکتەری دەرەکی لەو بارەیەوە بە یەکلاکەرەوە لەقەڵەم دەدەن. دواتر، هەرکام لەمانە وردتر دەخرێنەڕوو.

گوزارە، یان دروستتر بڵێین، گریمانەی سەرەکیی ئەم وتارەی بەردەست ئەمەیە: بەدەر لەو کەیسانەی کە هێزی دەرەکی توانیویەتی ململانێی نێوان بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و دەوڵەتێک یەکلا بکاتەوە، بۆ نموونە لە کەیسی پشتیوانیی «ناتۆ» لە بزووتنەوەی کۆسۆڤۆئالبان، کە دواجار سەرکەوتنی ئەوانی لێ کەوتەوە، فاکتەرگەلێکی نێوخۆیی وەکوو یەکدەستبوونی بزووتنەوەیەک یان گرتنەبەری ستراتێژیی گونجاو، دەکرێ وەک مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتن دابنرێن، نەک مەرجی بەس(کافی). بەڵکوو، بزووتنەوەیەک، کاتێک دەتوانێ سەرکەوێ کە ئەو دەوڵەتەی لە گەڵی لە ململانێدایە، لاواز بێ. هەر بەو پێیە، ڕێچکە و ماوەی ڕاگرتنی ئەو دەسکەوتانە، بەندن بە ڕادە و ماوەی درێژەکێشانی لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر (واتە ئەو دەوڵەتەی کە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، لەگەڵی لە ململانێدایە). بە پێچەوانەوە، هەر ئەم فاکتەرەش دیاریی دەکا ئایا دەسکەوتی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو لەدەست دەچێ، یان ئەوەی بزووتنەوەکە ناچار بە پاشەکشە دەبێ، یان ئەوەی تووشی شکست دەبێ.

## فاکتەری نێوخۆیی یان هەلومەرجی دەرەکی؟

کاتێک باس لە «سەرکەوتنی» بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی دەدکرێ، زۆرتر مەبەست مسۆگەرکردنی سەربەخۆییە. هەڵبەت هەموو بزووتنەوەیەک ئامانجی سەربەخۆیی نییە. هەر بەو پێیە، لە دیدی هەر کام لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانەوە، دەکرێ «سەرکەوتن» بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە بکرێ. دەکرێ بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەو جۆراوجۆربوونە، جیاکاری لە نێوان «سەرکەوتنی سنوورداردا» وەک وەدەستهێنانی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی و مافی کولتووری تا «سەرکەوتنی کۆتایی» لە شکڵی سەربەخۆییدا بکەین.

لە یەکەم هەوڵدا بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی هاوشێوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە، لێکۆڵەرێک بە ناوی ئاندریو ماک (Andrew Mack) لە ساڵی ١٩٧٥ لە وتارێکدا سەبارەت بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەلجەزایەر بە سەر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی فەرەنسەدا، ئەو سەرکەوتنەی لە بەر تیشکی پارسەنگی بەرژەوەندیدا شی کردەوە. واتە، بەبۆچوونی ناوبراو، ئەو لایەنەی کە لە ململانێیەکی ناهاوسەنگدا(asymmetricconflict) لاوازترە، بە مەرجێ بەرژەوەندیی لە سەرکەوتندا زۆرتر بێ، دەتوانێ سەرکەوێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەلجەزایەر بە نیسبەت فەرەنسە لاوازتر بوو، بەڵام بەرژەوەندیی لە سەرکەوتندا زۆرتر بوو؛ بۆیە ئیرادەشی بۆ سەرکەوتن زۆرتر بوو، چونکە خاکی خۆیان بوو، لە کاتێکدا فەرەنسە هێزێکی

کۆلۆنیالیســـتی بوو. بە واتایەکـــی دیکە، ئیرادە دەتوانێ لـــەو جۆرە ململانێیانەدا یڕیاردەر بێ، ســـەرەڕای ناهاوســـەنگ بوونی هێزی ئابووری و نیزامیـــی نێـــوان لایەنـــەکان. ســـەرکەوتنی بزووتنـــەوەی چـــەپ و نەتەوایەتیـــی باکووری ڤێتنام بەسەر ئەمریکادا، نموونەیەکی دیکەیە.

لێکۆڵەرێکی دیکە لە هەوڵێکی هاوشێوەدا، گرنگـــی دەدا بـــە هەڵبژاردنـــی ســـتراتێژیی نیزامیـــی گونجاو لە لایەن ئەو لایەنانەوە کە لە ململانێیەکی ناهاوســـەنگی نیزامیدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، ئەگەر لە مملانێیەکی وادا، هەر دوولا ستراتێژیی وەک یەک هەڵبژێرن، بۆ نموونە شەڕکردن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە شکڵی شەڕی جەبهەییدا، ئەوا بێ گومان لایەنی بەهێز بـــراوە دەبێ، بەڵام ئەگەر لایەنی لاوز ناڕاســـتەوخۆ و بـــە کەڵکوەرگرتن لەستراتێژیی چریکی ڕووبەڕووی لایەنی بەهێز بێتەوە، ئـــەوا ئەگەری زۆرە بـــراوە بێ، مەگەر ئەوەی لایەنـــی بەهێزیش، کەڵـــک لە هەمان ســـتراتێژی وەرگرێ. بۆ نموونە، دەوڵەتی ئێران، عێـــراق و تورکییە کەڵکیان لە جاش وەرگرتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و گەریلا. هەر ئەمەش، ویڕای بەئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی و گۆڕینی دێموگرافی و تەنانەت جێنوسایدکردنی خەڵکـــی کوردســـتان، وای کـــردووە خەباتی چەکداری لە کوردستاندا ئەو دەسکەوتەی نەبێ کە لە ولاتانی دیکەدا هەیبووە.

دوو لێکۆڵەری دیکە خەباتی مەدەنی وەک ستراتێژیی کاریگەر بەرجەســـتە دەکەنەوە، بۆ نموونە لە کەیسی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹ و زۆر کەیســـی دیکە. هەڵبەت کە ئەگەڕێتەوە ســـەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بەو دەرئەنجامە دەگەن کە نە شەڕ، نە خەباتی مەدەنی ناتوانن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، بەڵام بە بێ ئەوەی بە وردی هۆی ئەوە شی بکەنەوە.

لـــە دوو لێکۆڵینەوەی دیکەدا، بایەخ دراوەتە پێکهاتەی بزووتنەوەی (movement structure) نەتەوایەتی. یەکێکیان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ئەگەر بزووتنەوەیەک پێک هاتبێ لە چەندین ڕێکخـــراوە، یان لەتوپـــەت (fragmented) بێ، ئەگـــەری زۆرە لەلایـــەن ئـــەو حکوومەتەوە کە ململانێـــی لە گەڵدا دەکا، تەنازولی بۆ بکرێ و بە هێندێک دەسکەوتی کەم بگا، چونکە حکوومەت ئەو فرەلایەنیـــی و لەتووپەتبوونە بە دەرفەتێک دەبینێ بۆ ئەوەی بە ملـــدان بۆ داخوازیی کەم، بێبەرییان بکا لە دەسکەوتی مەزنتر. بە پێچەوانەی ئـــەم بۆچوونە، لێکۆڵەرێکی دیکە پێداگریی دەکا کە تەنیا کاتێک لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ڕێکخراوێک هێژمۆنی بەدەست دێنێ، دەکرێ بە دەسکەوتی ستراتێژیک بگا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لەتوپـــەت بێ، جەناح و ڕێکخـــراوەی جۆراوجۆر ناچار دەبـــن دژ بەیەکتڕاوەســـتن. بزووتنەوەی لەتوپەت بە هۆی کێشە نێوخۆییەکانەوە، ناتوانی بپرژێتە ســـەر تێکۆشـــان لە پێناو گەیشـــتن بە ئامانجی ستراتێژیک. بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوە، بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو، بۆ نموونە لە شـــکڵی بـــەرەدا، بە ئەنـــدازەی بزووتنەوەیەکی لەتوپەت چارەنووســـی خراپ دەبێ، چوونکـــە ئەو جۆرە یەکگرتووییە ناتوانێ کۆتایی بە مملانێی دەروون بزووتنـــەوە بێنێ. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، تەنیا ڕێـــگای ســـەرکەوتن لـــەوە دایـــە ڕێکخراوێک بەســـەر ئەوانی دیکـــەدا زاڵ بـــێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیـــی ئێرێتێریا نموونەیەکە لەو بارەوە؛ هەتاکـــوو بزووتنەوەی ئێرێتێریـــا لەتوپەت بوو، یان تەنانەت ئـــەو کاتانەی کـــە یەکگرتوو بوو، هەر تووشـــی شکســـت دەهات، بـــەڵام کاتێک ڕێکخراوێک بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بوو، ئەوجا بزووتنەوەکە سەرکەوت.

هێندێـــک لێکۆڵەری دیکـــە زۆرتر گرنگی دەدەن بە پشـــتیوانیی دەرەکی وەک فاکتەری یەکلاکـــەرەوە بـــۆ ئـــەوەی بزووتنەوەیەکـــی نەتەوایەتی بتوانێ بە سەرکەوتن بگا. بۆ نموونە، خەباتـــی بزووتنـــەوەی باکووری کوردســـتان بـــە بـــەراوەرد لەگـــەڵ بزووتنەوەی کۆســـۆڤۆ درێژخایەنتـــر و خوێناویتر بووە، بەڵام بە هۆی پشـــتیوانی و دەســـتێوەردانی نیزامیـــی «ناتۆ»،

بزووتنەوەی کۆســـۆڤۆ ســـەرکەوت، لە کاتێکدا بزووتنەوەی باکووری کوردستان هەر درێژەی بە خەبات داوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

لە درێـــژەی ئەم وتـــارەدا، هـــەوڵ دەدەم نیشـــانی بدەم کە لـــە کەیســـی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە هەر چوار پارچەی کوردســـتاندا، نـــە ئیرادە، نە گرتنەبەری ســـتراتێژیی گونجاو، هەروەها نە جـــۆری پێکهاتەی ئەو بزووتنەوانە، فاکتـــەری یەکلاکـــەرەوە نەبـــوون، کاتێـــک سەرکەوتنی ســـنووورداریان وەدەســـت هێناوە. هەڵبەت پشـــتیوانیی دەرەکی، بـــە تایبەت لە لایـــەن زلهێزێکەوە، دەشـــێ یەکلاکەرەوە بێ، بەڵام هیچکام لە بزووتنەوەکانی کوردی لە هیچ بەشێکی کوردســـتاندا، پشتیوانیی دەرەکیی بە شێوەی درێژمەودا لێ نەکراوە.

## دەرفەت، بەڵام کام دەرفەت و کەی؟

دەســـتەیەک لێکۆڵینـــەوەی دیکـــە هەیـــە کـــە مێژوویەکـــی دێرینتریـــان هەیـــە، بەڵام ســـەبارەت بە شکست و سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجـــام دراون. بە مانایەک، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تەڤگەری نەتەوایەتی هاوشـــێوەن، هەردووکیان ئەکتەری نادەوڵەتین (لانیکـــەم تاکوو ئـــەو کاتەی نەگەیشـــتوونەتە دەســـەڵات)، هەروەهـــا دەکـــرێ ئامانـــج و ستراتێژییان هاوشێوە بێ (لە گۆڕینی ڕێژیمەوە بگـــرە تاکـــوو بەکاربردنی خەباتـــی چەکداری یان خەباتی مەدەنـــی). هەڵبەت بە پێچەوانەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، چ ئەوانەی ڕیفۆرمخواز یان شۆڕشگێڕن، بزووتنەوەی نەتەوەیی، ئامانجی وەدەستهێنانی سەروەرییە بە سەر خاکی خۆیدا، جا لە شکڵی خودموختاریدا بێ یان بە وەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

لـــە لێکۆڵینـــەوە ســـەبارەت بـــە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییـــەکان، بۆچوونێکـــی بـــاو هەیـــە کە گرنگـــی دەدا بـــە «دەرفەتی سیاســـیی». هەڵبەت ئەو دەرفەتانە دەشـــێ زۆر فاکتەر لە خۆ بگرن، لە قەیرانی ئابووری و سیاسییەوە بگرە تاکوو فاکتەری نێودەوڵەتی. لێرەدا بە پێویســـت نازانرێ بە وردی باس لەو جـــۆرە لێکۆڵینەوانە بکـــرێ، بەڵکوو لەم وتارەدا، گرنگی بە دەرفەتی سیاســـیی دەدرێ بۆ شـــیکردنەوەی ســـەرکەوتن و شکست لە کەیسی بزووتنەوەی کورددا لە هەر چوار بەشی کوردستان.

وەک سەرەتا باس کرا، گوزارەی سەرەکیی ئـــەم وتارە ئەوەیە کـــە لە کاتـــی لەئارادبوونی دەرفەتی لەباردا، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ ســـەرکەوتن بەدەست بێنێ. بە هەمان شـــێوە، کاتێک ئەو دەرفەتـــە لەبارانە نامێنن، دەتوانین چاوەڕوانی پاشەکشەکردن و تەنانەت شکشتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بکەین.

ئەو دەرفەتە لەبارەش کاتێک دێتە ئاراوە کە ئەو دەوڵەتەی کە بزووتنەوەی کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لاواز بووبێ یان دەسەڵاتی تێکشکابێ. بە گشـــتی، لە ســـێ هەلومەرجدا ئـــەو جۆرە دەرفەتانە بەدی دێن:

**١** کاتێـــک کە هێزی دەرەکی دەســـتێوەردان لـــە یەکێک لـــەو چـــوار وڵاتەدا دەکـــەن کە کوردستانیان بەســـەردا دابەش کراوە، ئەویش بە مەرجێ ئەو جۆرە دەستێوەردانە ببێتە هۆی لاوازبوونـــی دەوڵەت لە هـــەرکام لەم وڵاتانەدا، دەرفەتی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد دێتە کایەوە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوت.

بۆ نموونە، ســـەرکەوتنی بزووتنەوەی سمایل ئاغای ســـمکۆ، هەروەهـــا دامەزراندنی کۆماری کوردســـتان لە ڕۆژهەڵات، دواتریش دامەزراندنی حکومەتـــی هەرێـــم لە باشـــوور، بە هـــۆی ئەو دەرفەتانەوە بوو کە پاش دەستێوەردانی زلهێزان لە ئێران و عێراق پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، هەروەها پاش شەڕی کەنداو هاتنە ئاراوە. لە هەر ســـێ کەیسدا، دەوڵەت لە ئێران و عێراق لاواز بوون. لە کەیسی حکومەتی هەرێمدا، پاش شـــەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق لە ســـاڵی ٢٠٠٣، ڕێژیم لـــە بەغدا ڕووخێنـــدرا، دواتریش پێگەی هەرێـــم لـــە دی فاکتۆوە (de facto) لە ســـاڵی ٢٠٠٤ بەدواوە، بوو بەپێگەیەکی دەستووری.

بزووتنەوەی سمکۆ، یەکدەست بوو. هێشتا حیزبی مۆدێرن لە کوردستان لەو کاتەدا، جێ نەکەوتبوو. هەرچەند بارودۆخ لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا گۆڕابوو، حیزبی دێموکرات وەکوو تاکە حیزب، خاوەن هێژمۆنی بوو، ئەویش بە ڕادەیەک کە لە کۆماری کوردستاندا، تاکە حیزبێک حکومەتی دەکرد. لە باشوور، پارتی و یەکێتی دوو حیزبی سەرەکی بوون، هەروەها پێش شەڕی کەنداو، بەرەیان لەگەڵ حیزبەکانی دیکە پێک هێنابوو (هەرچەند ئەو بەرەیە دواتر نەیتوانی ڕێگری لە شەڕی نێوخۆیی بکا).

سەبارەت بە بزووتنەوەی سمکۆ، سەرچاوەی کەم لەبەردەستدا هایە، بەڵام سەبارەت بە کۆماری کوردستان، سەرچاوەکان دەڵێن کە عەشیرەتەکان بە هۆی هێزی نیزامییانەوە، پێگەیەکی گرنگیان هەوبوو، دواجاریش هێندێکیان خەیانەتیان لە کۆمار کرد. لە باشوور، سەرەڕای شەڕی نێوخۆیی و گەمارۆی ئابووری، هەروەها سەرەڕای دەستتێوەردانی ئێران و تورکییە بە مەبەستی درێژکردنەوەی شەڕی نێوخۆیی، ستراتێژیی تێکەڵپێچانی (مهار کردن) عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، حکومەتی بەعسی پووچەڵ کردبووە. هەر ئەمەش وای کرد کە حکومەتی هەرێم، سەرەڕای دابەشبوونی، توانی بمێنێتەوە. بزووتنەوەی سمکۆ و کۆماری کوردستان بە هۆی بەهێزبوونی ئێران وێڕای نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی لێیان، دواجار تووشی شکست و نەمان هاتن.

گومانی تێدا نییە، ئەگەر بزووتنەوەی سمکۆ لەتوپەپ بوایە، هەروەها ئەگەر حیزبی دێموکرات خاوەن هێژمۆنی نەبوایە، لە ڕۆژهەڵات نەدەکرا کەڵک لە دەرفەتی لەباری پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی وەرگیرابا. بە هەمان شێوە، ئەگەر لە باشوور ڕێکختسنی یەکێتی و پارتی نەبوایە، نەدەکرا کوردی باشوور کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرن کە پاش شەڕی کەنداو هاتە کایەوە. ئەگەر بزووتنەوەی باشوور لەتوپەت نەبوایە و شەڕی نێوخۆیی بەرۆکی نەگرتبایە، دەکرا کەڵکی باشتر لە دەرفەتی نەوەدەکان، هەروەها دەرفەتی پاش ٢٠٠٣ لە پێناو دەوڵەتسازیدا وەرگیرابا.

**٢** کاتێک لە یەکێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، شۆڕش، کودەتا یان شەڕی نێوخۆیی ڕوو بدا، بە مەرجێ دەوڵەت لە پرۆسەیەکی وادا لاواز بێ، دەرفەتی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد دێتە کایەوە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوت.

بۆ نموونە، دوای کودەتا، یان بە گوێرەی هێندێک لایەن، شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراق و هاتنە سەرکاری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، دەرفەت ساز بوو بۆ پارتی تاکوو لە تاراوگەوە بگەڕێتەوە بۆ باشوور، هەروەها خۆی ڕێک بخاتەوە و دەور بگێڕێ لە سیاسەتی عێراقدا. دەسکەوتی ئەم قۆناغە، بەفەرمی ناسینی عێراق بوو وەک وڵاتێکی دوونەتەوەیی، هەرچەند دواجار ئەو کرانەوەیە داخرا و بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی عێراق تووشی شەڕ هاتن.

بە هەمان شێوە، شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەرفەتی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێنا تاکوو لە تاراوگەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و خۆی ڕێک بخاتەوە و ببێ بە سەرەکیترین هێز، هەرچەند ئەو شۆڕشە دەرفەتی بۆ کۆمەڵە و هێندێک ڕێکخراوی دیکەش ساز کرد کە سەرهەڵبدەن و کاری ڕێکخستنی بکەن. دەسکەوتی ئەم قۆناغە مەلمووس نەبوو، بەڵام بووژاندنەوەی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، هەروەها بەرزکردنەوەی مەسەلەی کورد وەک پرسێکی گرنگ لە ئێراندا وێڕای دانوستاندن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، دواتریش بەربەرەکانێی جەماوەری و پێشمەرگە دژ بە هێزەکانی ڕێژیم، سەنگی سیاسی و نیزامیی کوردستانی لە ئێراندا بەرجەستە کردەوە. تاکوو خاکی کوردستان بەدەستی پێشمەرگەوە بوو، کە لە خوێدا دەبێ بە دەسکەوت بێتە ئەژمار، حیزبی دێموکرات و تا ڕادەیەک کۆمەڵە بە شێوەی دیفاکتۆ

حکوومەتیان دەکرد.
نوێترین کەیس لەو بارەوە، سەرهەڵدانی ڕێڤەبەریی خۆسەرە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە بە بێ شەڕی نێوخۆیی لە سووریيە و دارمانی دەسەڵاتی حکومەی ناوەندی، مەحاڵە ئەو خۆسەرییە دامەزرابایەت. گومانی تێدا نییە، هێژمۆنی پەیەدە لە ڕۆژئاوا وای کرد کەڵک لەو دەرفەتە وەرگیردرێ، بەڵام ئەو هێژمۆنییەی پەیەدە مەرجی پێویست بوو بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژئاوا حکومەتی خودموختار پێک بێنن، نەک مەرجی بەس. بۆیە چارەنووسی دواجار بەندە بە بارودۆخی سیاسی و نیزامی لە سووریيە، هەرچەند بە هۆی دژایەتیکردنی تورکییە، کە بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەربەخۆنەبوونی پەیەدە بە نیسبەت پەکەکەوە، ئەو خودموختارییە نەک تەنیا سنووردارکراوەتەوە، بەڵکوو لە بەشێک لە خاکی ڕۆژئاوادا، تورکییە گۆڕینی دێموگرافیی ئەنجام داوە.

**٣** ململانێی جیۆسیاسیی نێوان ئەو چوار دەوڵەتە دەتوانێ دەرفەت بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشێک لە کوردستاندا پێک بێنێ بۆ ئەوەی بە پشتیوانیی یەکێک لەو دەوڵەتانە، خەباتی چەکداری بکا.

نموونەی بەرچاو لەو بارەیەوە، خەباتی چەکداریی پارتی بوو دژ بە عێراق بە پاڵپشتیی ئێران و ناڕاستەوخۆ ئەمریکا و ئیسرائیل لە ١٩٦١ەوە تاکوو ڕێکەوتنی ئەلجەزایەر لە ساڵی ١٩٧٥، کە شکستی بزووتنەوەی کوردی لێ کەوتەوە. دەسکەوتی ئەم سەردەمە، ڕێکەوتنی ١١ ئازار بوو لەسەر ئۆتۆنۆمی، کە هەڵبەت جێبەجێ نەکرا.

بە هەمان شێوە، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق دەرفەتی پێک هێنا بۆ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە پشتیوانیی حکوومەتی عێراق لە لایەک، هەروەها پارتی و یەکێتی بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بتوانن خەباتی چەکداری بێ دابڕانی چەندین ساڵە ئەنجام بدەن. هەرچەند دەسکەوتی مەلمووس لەم قۆناغەدا تۆمار نەکراوە، بەڵام درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتی لەو دوو بەشەی کوردستان، هەروەها بەنێودەوڵەتیکردنی مەسلەی کورد، دەشێ وەک دەسکەوتی ناڕاستەوخۆ لەقەڵەم بدرێ.

بە هەمان شێوە، ململانێی نێوان تورکییە و سووریيە زەمینەی ساز کرد بۆ ئەوەی پەکەکە بتوانێ چەندین دەیە خەباتی چەکداری بکات. هەرچەند ئەو خەباتە هەر درێژەی هەیە، بەڵام دەرفەتی سنوورداری سیاسی لە تورکییە ویڕای گوشاری یەکێتیی ئەورووپا، دواجار بووە هۆی دانپێدانان بە بوونی کورد لە تورکییە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری و سەرهەڵدانی حیزبی «قانوونی» کە داکۆکی لە بەرژەوەندیی کورد لە پەرلەمانی تورکییەدا بکا. ئەمەش بە بێ خەباتی چەکداری، کە هەروەها بووە هۆی بەرپەرچدانەوەی پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد، نەدەهاتە دی.

شێوەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی گرنگیی دەرفەتی لەبار لەو بابەتەی کە لێرەدا مەبەستە، واتە لاوازبوونی دەوڵەت لە ئێران، عێراق، تورکییە و سووریيە لەو سێ هەلومەرجەی کە دەستنیشان کران، وێناکردنی لەئارادا بوونی ئیرادە، ستراتێژیی گونجاو، هەروەها هێژمۆنیی ڕێکخراوێک لە نێو بزووتنەوەیەکدایە، بەڵام بە بێ ئەو جۆرە دەرفەتانە. پرسیار ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ بە بێ دەرفەتی لەبار سەرکەوێ، یان نا؟ مێژووی بزووتنەوەی کورد پێمان دەڵێ، نەخێر. کەیسی تورکییەی لێ بەدەر، کە ئەوەیش بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی ڕێژەیی لە سیستەمی نیمچە دێموکراتیک لەو وڵاتەدا لە هێندێک قۆناغدا.

کەوابوو، دروستتر وایە لەئارادا بوونی ئیرادە، ستراتێژیی گونجاو، هەروەها هێژمۆنیی ڕێکخراوێک لە نێو بزووتنەوەیەکدا وەک مەرجی پێویست ببیندرێن، نەک مەرجی بەس.

سەبارەت بە ئیرادە دەبێ ئەوەی لێ زیاد بکرێ کە کەم بزووتنەوە لە دنیادا وەکوو بزووتنەوەی کورد ئیرادەی لە خۆی نیشان

داوە، بەڵام ئێران، عێراق، تورکییە و سووریيە، دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لەو بابەتە نین کە لە دوورەوە هاتبێتن و کوردستانیان داگیرکردبێ، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وایان چاو لێ ناکا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کوردستان بە خاکی خۆیان دەزانن و ئەو سیاسەتەیان، پشتیوانیی جەماوەر و تەنانەت گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی فارس، عەرەب و تورکی لە پشتە. کەوابوو، نزیکیی جوگرافی وای کردووە کە پارسەنگی بەرژەوەندی، ئەو دەورەی لە کوردستاندا نەبێ کە لە ئەلجەزایەر یان ڤیتەنام هەیبوو.

لێرەدا هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو بۆچوونە نەکرا کە دەڵێ لەتوپەت بوونی بزووتنەوەیەک دەتوانێ ببێتە هۆی دانوستاندن و تەنازولکردنی حکومەتی ناوەندی بۆ هێندێک داخوازیی سیاسی سەرەتایی یان مینیماڵ. ڕاستە لە باشوور و ڕۆژهەڵات حکوومەتی ناوەندی دانوستاندنیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد کردووە (لەو کاتانەی کە ئەم بزووتنەوانە لەتوپەت بوون)، بەڵام زۆرتر تاکتیکی و بۆ کڕینی کات ئەنجام دراون. بۆیە، ئەو بۆچوونە لە کەیسی بزووتنەوەی کورددا، دروست نییە.

## دەرئەنجام

ئەگەر گریمانەی ئەم وتارە دروست بێ، ئەوجاو ئەوانەی ڕەخنە لە بزووتنەوەی کورد دەگرن و دەڵێن، هۆکاری سەرکەوتنیان نەبوونی «یەکگرتووییە»، یان ئەوەی «ستراتێژیی ڕوونیان» نییە، یان ئەوەی گۆیا «نەتەوەیی» نین یان ئەوەی سەرنەکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆییان نەکردووە یان نایکەن، بەهەڵەدا چوون. بێ گومان، یەکڕیزی، ستراتێژیی گونجاو و هتد، هەموو ئەوانە گرنگن، بەڵام دەبێ وەک مەرجی پێویست ببیندرێن؛ لە خۆیاندا بەس نین بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن. بەڵکوو هێز، یان لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر، یەکلاکەرەوەیە.

تەنیا دێموکراسی، بە مەرجێک شێوە دێموکراسییەک بێ کە لە ڕووی دەستوورییە مافی نەتەوایەتیی کورد مسۆگەر بکا، دەتوانێ جێگای هێز بگرێتەوە. لە بارودۆخێکی وادا، شەڕ درێژەی سیاسەت نابێ، بەڵکوو هێزی نیزامی هەڵدەپەسێردرێ و جێگا دەدا بە سیاسەتی دەستووری. پێشمەرجی ئەوەش پەسەندکردنی دێموکراسییە لە ئاست نوخبە و جەماوەردا لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە، کە بە نۆرەی خۆی بەندە بە گۆڕانێک لە ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەبدا بەڕادەیەک کە ڕێگا خۆش بکا بۆ دانپێدانان بە ناسنامە و مافی نەتەوایەتیی کورد. ئەمە لە سپانیا پاش کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەت، هاتە دی، هەڵبەت بە بێ ئەوەی نەتەوەی باسک و کاتالان سەربەخۆیی بەدەست بێنن، بەڵکوو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی لە شکڵی خودموختاری یان ئۆتۆنۆمیدا بۆ وڵاتی باسک و کاتالۆنیا.

بە کورتی، لە گەڵ ئەوەی دامەزراوەیەک وەک دێموکراسی دەتوانێ دەوری هێزی نیزامی هەڵپەسێری، لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناویندا، هێزی نیزامی یەکلاکەرەوەیە لە سیاسەتدا. بۆیە، لەڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە تایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی، شەڕ هەروا درێژەی سیاسەت دەبێ.

سەرکەوتن و شکستی بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بەندە بە ئەگەر، ڕادە و ماوەی لاوازبوون یان بەهێزبوونی دەوڵەت لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە.

بێ گومان، ئەگەر دەرفەتی لەبار بۆ کورد بێتە کایەوە، بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن، هەروەها نەبوونی ڕێکخراوێک کە خاوەنی هێژمۆنی بێ، ناکرێ کەڵک لەو دەرفەتانە وەربگیردرێ. لەتوپەتبوون دەتوانێ وا بکا کورد دەرفەتی زێڕین لەدەست بدا. سەرکەوتن لە هێژمۆنی، ستراتێژیی گونجاو و دەرفەتی لەباردایە، مەگەر ئەوەی ئەو چوار دەوڵەتە بەرەو دێموکراسی هەنگاو هەڵگرن. هەڵبەت لە وەها سێناریۆیەکدا، هێژمۆنیی ڕێکخراوێک پێویستە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی دێموکراتیک. هەڵبەت

بۆ بەرچاورِوونیی خوێنەر، لێرەدا مەبەست لە «هێژمۆنی» دەسەڵاتی تەک حیزبی نییە.

ئامانجی بزووتنەوەی کورد هەم رزگارییە هەمیش دیموکراسی. هەموو جۆرە هێژمۆنییەک لە گەڵ دیاردەی فرەحیزبی و دیموکراسی گونجاو نییە، مەگەر ئەوەی رێکخراوێکی خاوەن هێژمۆنی بۆ خۆی باوەڕی بە دیموکراسیی پاش قۆناغی رزگاری هەبێ، دەنا مەترسیی ئەوە هەیە هێژمۆنیی رێکخراوێک کە باوەڕی بە دیموکراسی نییە، پاش رزگاری، دیکتاتۆرییەتی لێ بکەوێتەوە. هەڵبەت روونە کە دیاردەی فرەحیزبی لەتوپەتبوونی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها نەک تەنیا رێگرە لە سەرکەوتن و هۆکاری سەرەکیی شەڕی نێوخۆییە، بەڵکوو لە قۆناغی پێش رزگاریدا، ئانارشی، نەک دیموکراسی، پتەوە دەکا.

دیاردەی فرەحیزبی لەرۆژهەڵات ئەمری واقعە، هەرچەند دەکرێ بە یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، خەتەری لەتوپەتبوون کەم بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەبوونی یەک هێزی چەکدار کە بتوانێ تەنانەت پێش قۆناغی رزگاری وەک سپای نەتەوەیی خۆی رێک بخا، دەتوانێ رێگر بێ لە شەڕی نێوخۆیی. هەرچەند شکڵگرتنی سپایەکی وا مومکین دێتە بەرچاو، لە کردەوەدا رەنگە ئەستەم بێ. رێگاچارەیەک بۆ قۆناغی پێش رزگاری ئەوەیە حیزبگەلێک کە لەڕووی ئایدیۆلۆژی و فکرییەوە نزیکین، هەوڵ بدەن ببن بە یەک حیزب لە پێناو رووبەڕوونەوەی خەتەری لەتوپەتبوون بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد بتوانێ کەڵک لە دەرفەتی لەبار وەربگرێ و سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

## سەرچاوە


Ahmedi, I. 2018. Explaining Variation in Political Gains: The Case of Iranian Kurdistan, in Serhun Al & Emel Tugdar (eds.) Comparative Kurdish Politics in the Middle East: Actors, Ideas, Interests. New York: Palgrave, 2018.

Arreguin-Toft, I. 2005. How the Weak Win Wars: A Theory of Asymmetric Conflict. New York: Cambridge University Pres.

Chenoweth, E. & Stephan, M. 2011. Why Civil Resistance Works (New York: Columbia University Press, 2011).

Cunningham, K. 2014. Inside the Politics of Self-determination. Oxford: Oxford University Press.

Giugni, M. "Was it worth the effort? The Outcomes and Consequences of Social Movements," Annual Review of Sociology, 98 (1998).

Gunes, C. 2019. The Kurds in a New Middle East: The Changing Geopolitics of a Regional Conflict. London: Palgrave Macmillan.

Gutaj, P. and Al, S. "Statehood and the political dynamics of insurgency: KLA and PKK in comparative perspective," Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 19:2 (2017).

Harvey, W. "Strategies for conducting elite interviews," Qualitative Research, 11:4 (2011).

Hendrix, C. 2010. "Measuring state capacity: Theoretical and empirical implications for the study of civil conflict," Journal of Peace Research, 47:3 (2010).

Koopmans, R. "The missing link between structure and agency: Outline of an evolutionary approach to social movements," Mobilization, 10:1 (2005).

Krause, P. "The Structure of Success: How the Internal Distribution of Power Drives Armed Group Behavior and National Movement Effectiveness," International Security, 38:3 (2013/14).

Krause, P. 2017. Rebel Power: Why National Movements Compete, Fight, and Win. Ithaca & London: Cornell University Press.

McAdam, D. & Boudet, H. 2012. Putting Social Movements in their Place: Explaining Opposition to Energy Projects in the United States, 2000-2005. Cambridge: Cambridge University Press.

Mack, A. "Why Big Nations Lose Small Wars: The Politics of Asymmetric Conflict." World Politics 27:2 (1975).

Natali, D. 2005. The Kurds and the State: Evolving National Identity, in Iraq, Turkey, and Iran. New York: Syracuse University Press.

McDowall, D. 1996. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris.

Record, J. 2007. Beating Goliath: Why Insurgencies Win. Washington, DC: Potomac Books.

Romano, D. 2006. The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity. Cambridge: Cambridge University Press.

Vali, A. 2011. Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. London: I.B. Tauris.